### هێزی سێیەم:

## تایبەتمەندییەکان و زەرورەتی دەرکەوتنی لەڕۆژهەڵاتی کوردستاندا



**سەلاحەدین بایەزیدی**

لەنێوەڕاستی دەیەی ڕابردوو بەدواوە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەست بەبۆشایی و کەلێنێکی گەورەی سیاسیی دەکرێ. بەتایبەت دوابەدوای نەمانی ڕاستەوخۆی هێزی پێشمەرگە لەم پارچەیەو سەقامگیربوون لەباشووری کوردستان، تێکشکان و بێ هیوایی، دەستەویەخەی خەڵک بووە و ئەم بێ هیواییە بەڕاشکاوی لەڕوخساریان دا دەبیندرێ. لەم ماوەیەدا خەسارەتێکی گەورەی رۆحی بەر خەڵکی رۆژهەڵات کەوت و لەسیاسەت دوورەپەرێز ما.

هەر دوو پارتە سەرەکییەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان (حزبی دیموکرات و کۆمەڵە)، پاش کۆتایی هێنان بەشەڕی چەکداری بەشێوەیەکی کت و پڕ شوێنەواریان نەماو دەهات لەمێشکی خەڵک دا بسڕدرێنەوە. مەودای نێوان ئەو دوو پارتە و خەڵک، تەنیا بەچەند سەعات بەرنامەی ڕادیۆیی پڕ دەکرایەوە. لەوەها دۆخێکدا خەڵکەکە لەئەڵتەرناتیڤی جودا گەڕان، بەشێکیان کەوتنە تەڵەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوەو بەشێکیشیان ڕێگەی جوداتریان هەڵبژارد.

ئێستاش کە ئێستایە ئەو تەمە نەڕەویوەتەوە. ئۆپۆزۆسیۆنی کوردی بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە وەڵامدەرەوە بێت و بگرە زۆرتر سەرقاڵی کێشە نێوخۆییەکانی بووە تاکوو خەڵک. دیارە ئەو کەمتەرخەمییە لەلایەن هێزەکانی ئۆپۆزۆسیۆنەوە بەشێوەی جۆراوجۆر پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە یاخود دان بەوەها ڕەوشێک داناندرێ و نکۆڵی لێ دەکرێ.

بەپێچەوانەی بۆچوون و ئاماری پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان من پێم وایە پەنجا لەسەدی خەڵک لایەنگری ئەوان نین و هیچ جۆرە ئاگاییەکیان لەبەرنامەو دروشمی ئەم حیزبانە نییە. بگرە لەزۆر شوێندا بچووکترین چالاکییان نییە. بۆوێنە خوراسان و ئیلام ئەو شوێنانەن کە ئێستاش لەلایەن ئەو دوو پارتە سەرەکییە نەدۆزراوەتەوەو ئەو پارتانە خاوەن هیچ پرۆژەو بەرنامەیەکی تایبەت نەبوون بۆ ئەو شوێنانە.
کەرت کردنی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دووبەش و دوو پارتی، خۆی لەخۆی دا کۆمەڵێک مەترسی دەنێتەوە. من پێم وایە ئەو کەرت کردنە کاریگەری نیگەتیف دەکاتە سەر ماڵی کورد و بەرەو پارچە بوونی دەبات. ئەگەر تا ئێستاش ئەم کاریگەرییانە خۆیان نیشان نەدابێ ئەوا لەداهاتوودا دەردەکەون و لەبەردەم یەکگرتوویی دەبنە کۆسپ. بەتایبەت ئەگەر رژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پروخێ. ئەو نیگەرانییانە بەڕاشکاوی لەنێو خەڵکدا دەبیندرێ و شەقامی کوردی هەست بەم دوو جەمسەرییە دەکات. بەڵام دوو جەمسەرییەکی ئەوتۆ کە هەوڵی پێشخستن نییە. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆیان هەیە بپرسن بۆچی هەوڵی خۆنزیک کردنەوەو یەکگرتن نادەن؟ ئێستا کەستراتیژی ئۆپۆزۆسیۆنی کوردی بەگشتی وەک یەکە، چ پاساوێک هەیە بۆ یەک نەگرتن؟
لێرەدا باس لەهەبوون و گرنگیی هێزی سێیەم خۆی دەنوێنێ، هەڵبەت بەو مانایە باس لەهێزی سێیەم ناکەین کە ئەم هێزەش جوگرافیایەکی تایبەت بەخۆی دیار بکات و دەست بەسەر ئەو هەرێمانەدا بگرێت کە کەشف نەکراون، یان نایەتە ئەو واتایەی لەڕوی ژمارەو هێزی سەربازییەوە

لەریزی سێیەم دابێ و رکەبەرایەتی هێزەکانی تر بکات. بەڵکو مەبەستمان مانا سیاسییەکەیەتی. واتە هێزێک کە هاوسەنگییەکان بپارێزێ و پردی نێوان لایەنەکان بێت. لەهەمانکاتدا ببێتە هاندەرێک بۆ پێشکەوتنی هێزەکانی تر. هێزی سێیەم تەنیا تایبەت بەپەرلەمان و ململانێ بۆ وەرگرتنی کورسی زیاتر نییە. بەڵکو بۆ پێکهاتەیەکی پلۆرالیستی وەک رۆژهەڵاتی کوردستان و وەدیهێنانی داخوازییەکانی گەل پێویستییەکی مێژووییە. رۆژهەڵاتی کوردستان وەک پارچەکانی تری کوردستان نییەو خەسڵەتگەلێکی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆیەش مەحاڵە هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە لەچوارچێوەی ڕێکخراوێک یان دوو حیزب دا بگونجێن و نوێنەرایەتی بکرێن. مەسەلە لێرەدا، تێپەڕاندنی سیستەمی دوو حزبی و دوو جەمسەرییە بۆ سیستەمێکی فرە حیزبی.

سەپاندنی تەک جەمسەری یاخود دوو جەمسەری لەلایەن هێزە زاڵ و باڵادەستەکانەوە یان پێشگیری لەدەرکەوتنی هێزی پێشکەوتنخواز و مودێرن، ئاکامی قەرەبوو نەکراوی لێدەکەوێتەوە. لەهەلومەرجێکی ئاوادا کە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت، رێگە لەهێزێکی پێشکەوتنخواز دەگیردرێ، هێزی سێیەم وەک هێزێکی مەترسیدار دەردەکەوێتە پێش و دەتوانی هەڕەشەیەکی گەورە بێ بۆ سەر دەستکەوت و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل. ئەزموونی تاڵی باشووری کوردستان بەرچاوترین نموونەیە. ئێستا هێزی سێیەم لەباشووری کوردستان دا بەداخەوە ئیسلامیی سیاسییە. ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەڕووداوەکانی ئەم پارچەیەو دۆخی هەر دووپارتی سەرەکیی (یەکێتیی و پارتی)یەوە هەیە. ئیسلامی سیاسیی لەماوەی شەڕی براکوژی و ململانێی نێوان ئەو دوو پارتە خۆی بەڕێکخستن کردو سەقامگیر بوو. دیارە هەندێک لایەنی تر بەبیروباوەڕی بەناو سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی ویستیان لەم نێوانەدا رۆڵ ببینن و وەک هێزی سێیەم خۆیان بنوێنن بەڵام لەبەر گەلێک هۆکار ئیسلامی سیاسی سەرکەوت کەتەنانەت لە زۆر جێگەش وەک هێزی یەکەم خۆی دەنوێنێ. ئەزموونی باشووری کوردستان نیشانمان دەدا کە رێگەنەدان بەهێزە پێشکەوتنخوازەکان، مەیدان بۆ کۆنەپەرستی خۆش دەکات. ئیسلامی سیاسی کاتێک سەری هەڵدا کە هەر جۆرە لێگەڕینێکی تر بەشێوەی جۆراوجۆر سەرکوت دەکرا. بێگومان ئەگەر لەو ماوەیەدا هێزێکی سێیەم بەبیروبۆچوونێکی نەتەوەیی دەرکەوتبایە دەیتوانی رۆڵێکی گەورە لەماوەی شەڕی براکوژیدا بگێڕێ. یاخود هاندەرێک بێت بۆ بەرەو پێشەوەچوونی باری سیاسیی و هەروەها پێشخستنی ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک. کولتووری دیموکراسی و فرەچەشنی پێش دەخست و لانی کەم دەبوە فشارێک بۆ ئەوەی دەستکەوتەکان چیتر لەلایەن حیزبەوە قۆرخ نەکرێن و بەشێوەی فیفتی بە فیفتی دابەش نەکرێن. بەسەرنجدان بەم ڕاستییانە، تەکرەوی، تەحەممول نەکردنی ڕەنگی جیاواز و نەبوونی کەلتووری دان نان بەیەکتری و .. هتد ئەو دیاردانەن کە ئاشکرا لەئۆپۆزۆسیۆنی کوردی لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبیندرێ. قەتیس مان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا و خولانەوە لەبازنەیەکی بەرتەسک دا تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەو هێزانەیە. هاوکات میکانیزم یاخود هێزێکیش نەبووە کە هانیان بدات بەخۆیان دابێنەوە و هەست بکەن لەکوێن و دەبێ چ بکەن. لەم سۆنگەوە بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین سەرهەڵدانی بەرین و جەماوەریی ڕەشەممەی 1999 زەنگی وشیارییەک بوو بۆ ئەم دوو پارتییە. شتێکی بەڵگە نەویستە کە ئەدەبیاتی سیاسیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان ئەدەبیاتێکی بەرتەسک و پەرتەوازەیە. بەتایبەت کە لەو ئەدەبیاتەدا هیچ شوێنێک بۆ فرەحزبی و پلۆرالی و هێزبەخشین بەیەکتری تەرخان نەکراوە. کێشەی سەرەکی بەشی زیاترە. ئۆپۆزۆسیۆنی داپراو لەماڵ و خاکی خۆی، شەڕ لەسەر بەشە میرات دەکات.

کەواتە زەرورەتی هێزێکی نوێ لەهەموو کات زیاتر خۆی دەنوێنێ. هێزێک کە بەدوور بێ لەدەمارگرژی و دۆگمای ئایینی و ئایدیۆلۆژی ڕادیکاڵ. هێزێک کە لەبەرامبەر وەستان و قەتیس مان بەیداخی گەنجێتی و نوێبوونەوە بشەکێنێتەوە و لەهەمبەر چەمکە کلاسیکەکان یاخی بێت. هێزێک کە تۆوی کوردایەتی و شۆڕشگێڕانە لەو شوێنانەش بچێنێ کە ڕێگەی هیچ کادیرێکی حیزبی نەکەوتۆتێ. ئەم هێزەش بەر لەهەموو شتێک دەبێ خاوەن رێبازێکی نەتەوەیی بێ و لەم پێناوەدا هیچ سنوورێک نەناسێ. هەروەها بێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی حیزبی، پلاتفۆرمێک بێت بۆ سەرجەم لایەن و رێکخراوەکان. هێزی سێیەم تەنیا بەتێڕوانین و داکۆکی کردن لەرێبازێکی نەتەوەیی هاوچەرخ دەتوانێ ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوەو لەگۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا رۆڵی هەبێ.